# بانگەواز بۆ ڕیسواکردنی لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنوسان

## کوردستانیانی دانیشتوی ولاتی نەرویج

ئازادی خوازان

هەروەک خۆتان ئاگادارن رژێمی ئێران بریاری لەسێدارەدانی بۆ رۆژنامەنوسان عەدنان حەسەن پور و عبدوالواحید بوتیمار (هیوا) دەرکردوە و بە ئاشکراو بەوپەڕی دەبەنگی دژی بریارنامەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربرین ڕادەوەستیتەوەو هەمو توانای دەوڵەتە لەرزۆکەکەی بەکاردەنێت بۆ کوشتنی ئازادی بیرو باوەر و رێگە گرتن لەدروستبونی هەرفەزایەکی ئازاد و بەرقەراربونی ئازادی رۆژنامەنوسی .

بۆرسواکردنو محکومکردنی ئەم کارەدزێوە و نائینسانیە ئێمە ئەو رێکخراوانەی لەخوارەوە ناومان هاتووە ،هەلدەستین بەسازدانی ریپێوانێک لەبەردەم باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ولاتی نەرویج بەرەو باڵوێزخانەی رژێمی ئیران لە ئۆسلۆ .

بەم بۆنەیەوە داوا لەهەموو کوردوستانیان و ئازادیخوازانی دانیشتوی وولاتی نەرویج دەکەین کەلەکات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبن و بەشداربن لە ڕیسواکردنی ئیعدام و لەسیدارەدانی ئازادی..

شوێن: بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نەرویج ،
نزیک کۆشکی شا

کات: رۆژی پێنج شەمە ریکەوتی 2007/07/26 کاتژمێر 13،00

1) یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
2) یەکیەتی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
3) رێکخراوی چاک – کۆمیتەی نەرویج
4) یەکیەتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
5) کۆمەڵەی کوردی